به ناوی کوردستانی گەورە .

ح. س. سۆران
soransa@hotmail.com

## پەڕاندنەوەی بەرخ ، گورگ و باخە وێنجە لە چۆم .

شوانێکی گەڕاوەی به ئەزموون , کە بەرخێکی لاسار ، گورگێکی شڕ و دڕ و باخە وێنجەیەکی سەوزی تورتی پێ بو، لە درێژەی ڕێگەکەی دا ، گەییە قەراغی چۆمێک . بەڵام چون ئەم سێ شتە زۆر قورس بوون ، ویستی دانە دانە ، بە جوێ ، لە چۆم بیان پەڕێنێتەوە و درێژە بە بڕینی ڕێگەکەی بدا .

هەرچی چوە تەرکی قووڵایی بیری بیرەوە ، بۆی ساز نەدەبو چۆن ئەم کارە موشکوڵە پێچەڵ پلووچە ئەنجام بدا : ئەگەر گورگە بەرێتە ئەو بەری چۆم دای بنێ و بێت یەکێکی دیکەیان بەرێ ، لەم بەری چەم ، هەتا ئەو دێتەوە ، بەرخ وێنجەکە دەخوا ، ئەگەر وێنجە دەباتە ئەو بەر ، هەتا دێتەوە ئەم بەر ، گورگ بەرخ ئەشکێڵ دەنێ . ئەگەر بەرخ بەرێتە ئەو بەر دای بنێ ، دەبو بێتەوە وێنجە یا گورگ بەرێ بۆ ئەو بەری چۆم و لە کن بەرخ دایان بنێ ، کە هەتا شوان دەهاتەوە بۆ ئەم بەر، یا گورگ بەرخی دەخوارد یا بەرخ وێنجەی دەخوارد .

بەڵام ، شوانە ئەم مەسەلەیەی بەم چەشنە چارە سەر کرد : بەرخی بردە ئەو بەر ، هاتەوە ئەم جار گورگی برد دای نا و بەرخی هێناوە بۆ ئەم بەر ؛ باخە وێنجەی بردە ئەو بەری چۆم و لە کن گورگ دای نا . ئەم جار هاتەوە ، بەرخیشی پەڕاندەوە بۆ ئەو بەر و بەم چەشنە کارەکەی چارە سەر کرد .

ئێستا ئەم شتە لە وڵاتی ئێراق ، لە ئامریکا { شوان } روی داوە ، کە دەبێ کورد{ یۆنجە } ، شیعەی عارەب { گورگ} و سووننی عارەب { بەرخ } ، بە بێ گێچەڵ ، لە چۆمی دەجلە بپەڕێنێتەوە.

بە بیرورای ئێوە ، ئەو شوانە دەبێ چی بکا ، تا ئەم ئەرکە وا ئەنجام بدا، کە پاکیان بێ وەی بن و نە گورگ بەرخ بخوا و نە بەرخ یۆنجە ؟

عەقڵ و ئاوەزی ساغ و سەلیم دەڵێ : وا باشترە ئامریکا لەم بەری چۆم لێکیان جوێ بکاتەوە و هەر کەس لە ماڵی خۆی سەربەست و جیاواز بژی ؟ چون ئەم سێ گەلە هێندە بە یەکەوە تۆفیری بنەڕەتیان هەیە ، ئەگەر سەد ساڵ لە مەنجەڵێک دا بەیەکەوە بیانکوڵێنی ، قەت ناکوڵێن ، بە تایبەت کورد و عارەب – پێویستیش نیە بە یەکەوە بیانکوڵێنین .

تاران – 26ی گەلاوێژی 2705